# فرۆکەکانی ئەمریکی هەولێر بۆردومان دەکەن

تایبەت بە دەنگەکان-هەولێر

دوێنیێ شەو کاتژمێر دوانزەونیو بەکاتی کوردستان دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەوالّی ئەوەیان پێگەیشتبوو کە کۆمەلّێك چەکدار لەسەر پردی سەیداوە خۆیان دانوساندووە کە گومان دەکرا نیازی هێرش کردنیان بۆسەر ئوتێلی شیراتۆن هەبێت, فرۆکەیەکی ئەمریکی دابەزیە شوێنی مەبەبست ئەوە بوو چەکدارەکان کەوتنە تەقەکردن لێیان, ئەو کارەش بووە هۆی ئەوەی ئەمریکیەکان بەچەندین فرۆکە شاری هەولێر بۆردومان بکەن, کەهەشت لە چەکدارە کوردیەکان دەسگیر کرانو دوانیان رِایان کردوچوونە ناو بەشی ناوخۆیی خیروللاٚ عەبدولکەریم ئەوەش بووە هۆی ئەوەی فرۆکەکان ئەو شوێنە بۆرردومان بکەن, هاوکات سێ خوێندکار برینداربوون. دواتر هێزەکانی مارینز کۆنترۆلّی شوێنەکەیان کردو نەیان هێشت دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس لە شوێنەکە نزیك بکەونەوە. تائامادەکردنی ئەو هەوالّەش ئاسایش لەو شارەدا هیچ لێدوانێکی نیەو چاوەروان دەکرێت لە چەند سەعاتێکی داهاتوو هەلّوێستیان دەر بکەوێت, ئەوە ش بەرەنجامی زانیاری زیاترمان بوو بۆ ئەو مەبەستە لەپەیوەندیەکی تایبەتی ویستمان هەلّوێستی وەزارەتی ناوخۆ بزانین ئەوان پێیان رِاگەیاندین کەوەزارەتی ناوخۆ لەچەند سەعاتی داهاتوو بەیاننامەی نارِەزایەتی بلاّو دەکاتەوە, کەدیارە بێدەنگی وەزارەتی ناوخۆو دەزگاکانی ئاسایش ئەگەری تەقینەوەوی جەماوەری لێ رِەچاو دەکرێت.